www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-2-2006 11:58

# کولتووری نوسین و کوشتنی کتێب ... هیڤار – خالید قادر

رانیە

ئەوەی کتێبێك بسوتێنی ئینسانێکش دەسوتێنێت
هاینریش هاینە

نوسین، سادەترین و جوانترین، ئامرازەکانی خستنە رووی بیر و بۆچون و ئایدیا لێك جیاوازەکانە، کە تێیدا دەتوانرێت ئەوەی کە مەبەستە، بنوسرێت و گوزارشت لە تێروانینە، لیك جیا جیاکان بکرێت.
هەموو کەسێك دەتوانێت بنوسێت، راستە لە رووی چۆنایەتیەوە تواناکان لێك جیاوازن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نوسین بەشێکی گرێدراوە بە بیرکردنەوە و پەیوەندیەکی توندو تولّی لەگەڵ رەوتی گەشە کردنی مرۆڤایەتی و ئاستی هۆشیاری و بەرەو پێشوەچونی کۆمەڵگاوە هەیە. پولتاریك دەلێت: لەشی مرۆڤ بە بی دایك دروست نابێت، گیانی مرۆڤیش بە بی کتێب پەروەردە نابێت
هەمیشە ئەو گەل و کۆمەڵگایانەی، کە نوسین تێیدا دەبێتە دەروازەیەك بۆ خستنە رووی بیرو بۆچونە لێك جیاکان، کە کتیب و خوێندنەوە و قبول کردنی رەخنە، دەبێتە بە شێك لە کەلتووری بیر کردنەوەیان، ئەم کۆمەڵگایانە، هەمیشە لە گۆران و پیشکەوتن دان و دەتوانن کار لەسەر ئەوە بکەن، کە ئەمرۆیان جوانتر بیت لە دوینی. ڤۆلتێر دەڵی: لاپەرەی کتیبەکانی ئیمە وەکو باڵ وان و گیانی ئێمە لە تاریکیەوە بەرەو روناکی دەفرێنن.
کتیب و نوسین، زیندوویەتی بە مێژووی مرۆڤایەتی دەدەن و تێیدا مرۆڤەکان دەتوانن ژیانی هەلایەنەی خۆیان بنوسنەوە، بە خوێندنەوە، و ئەزمون، و رەخنە، و رەهەندەکانی تیفکرین و گفتوگۆ، گەشە بە رەوتی ژیانیان بدەن.
( (کتێب بریتیە لە ژیانی کاتە رابردوەکان و کرۆك و ناوەرۆکیان، بریتیە لە پاساوی ئەوەی کە بۆچی مرۆڤ ژیاون و کاریان کردوە و مردون، بریتیە لە پوختەی مانای ژیانیان) ) *
کتێب نوسین خەرمانی ئەو شتانەن کە مرۆڤایەتی بیری لی کردونەوە و بە دەستی هێناون.
کارك تواین دەلی: راستگۆ ترین، بە سوودترین و هەمیشەی ترین هاوری، بۆ هەموو کەس کتێبە.
لەسەر کتیبێبکی (مەریوان هەلەبجەیی) ماوەیەکە ئیسلامیەکان کەوتونەتە خۆ، بە رێپێوان و هەرەشە و فتوادان، کتێبێك دەخەنە ناو خانەی دژایەتیەوە، بە ناوی سوکایەتی کردن بە ئاین، فتوای کوشتن و سوتاندن دەدەن.
ترس و تۆقاندن و کوشتن و تیرۆری ئەو نوسەرانەی کە کتێبێکیان بە دژی ئیسلامیەکان نوسیبێت، یان راستیەکانیان بۆ خەڵك دەر خستبێت، کە بە پێی شەرع و فیقهی ئیسلامی، خراونەتە ناو هێڵی سورەوە مەسەلەیەکی تازە نیە و بە درێژایی مێژووی دوورو درێژی ئیسلام، بە سەدان کەس تیرۆر کراوە و حوکمی سەربرین و فتوای کوشتنی دراوە، واتە ئەم هەڵویستەی ئیسلامیەکان، شتێکی تازە نیەو پەیوەندیەکی دوورو درێژی بە مێژووی ئیسلامیەکانەوە هەیە.
دەگێرنەوە مەنسووری حەلاج کە سۆفیەکی گەورەی بواری سۆفیزمە، دوای ووشەی (انا الحق) سەردەبردرێت و پارچە پارچە دەکرێت مەنسوور کە باوەری بە رێبازی (جەبریەت) و

چارەنووس هەبوە، لەوەی كە هەموو كارە باش و خەراپەكانی مرۆڤی گێراوەتەوە بۆ خوا، كە دەوترێت جارێكیان ووتویەتی: موسا لە چاكەی خۆی نەبوە كە موسا بوە، فیرعەونیش لە خەراپەی خۆی نەبوە كە فیرعەون بوە بەڵكو لە ئەزەلدا خوا وای دروست كردوون كە دەبێت موسا چاكەخواز بێت، فیرعەونیش خەراپەكار.

لە زەمانی سەلاحەدینی ئەیوبی كاتێك سەلاحەدین سەردانی شاری ئامەد دەكات، پێی دەلێن كە كتێبخانەیەكی گەورە لە شارەكەیە كە زیاتر لە ملیونێك و چوارسەد هەزار كتێب و دەستنووسی تێدایە، مێژووی ئەم كتێبخانەیە دەگەرایەوە بۆ پێش شارستانیەتی ئیسلامی، كاتێك سەلاحەدین سەردانی ئەم كتێبخانەیە دەكات، بە ناوی ئەوەی كە ئەمانە لەگەڵ ئاینی ئیسلام ناكۆكن، فەرمان دەدات بسوتێنرێت! ئەم كتێبخانە گەورەیە كە بێشك سەدان بەڵگەی مێژوویی و زانیاری و فكر ی و ئەدەیی و ئاینی تێدا بوە دەسوتێنرێت. ئەم راستیە میژووییە (عیماددین ئەسفەهانی) كە كاتبی سەلاحدینی ئەیوبی بوە دەیگێرێتەوە. س (مكتبات الاسلامیە) .

هەروەها وەك لە بەیاننامەی یەكێتی نوسەراندا هاتوە، ووڵامی كتێب بە كتێبە، نەك بە كوشتن. لە نێوانی نوسین و ووڵام و كتێبدا، راستی وەك رۆژی روناك وایە و دەدرەوشیێتەوە. بەڵام كوشتنی (حەلاج و قورتبی و سەهرەوەردی و حسین مروە و مەهدی عامیل و فەرەج فودە و عەبدوالخالق مەعروف و عومەر تۆفیق و جەمال عیرفان.... .. هتد) بەشێكن لەو بەڵگانەی كە دەیسەلمێنی، ئیسلامیەكان قبولی رەخنە ناكەن و نوسین لە چوار چێوەیەكی خەتارناكدا یاساغ دەكەن.

تیرۆر كوشتنی روحی ئینسان و سوتاندی هەموو بەها جوانەكانی ژیانە، تیرۆر لە ترۆپكی ترسنۆكی و بێدەسەڵاتی و درَندەیی و بی ووڵامی لاوازیدایە.. تیرۆر رەفتارە دڕندانەی ئینسانە كە كورد ووتەنی (بە حیزە كوژە) خەنجەری ژەهراوی لە پشتی مرۆڤ دەدەن. كە بە داخەوە ئەو مرۆڤانە لە بری ئەوەی بۆنی گولێك بكەن، بۆنی خۆین و كوشتن دەكەن.

ب راسڵ دەڵی: هەر كەس بە راستی توانی نوسینی هەبێت، شەرمی لەوە نیە كە قامك لەسەر هەڵەكان دابنی. بەڵام میتودی رەخنە گرتن و بڕوا بوون بە ووڵام و بە جوان سەیر كردنی كتێب، كە تێیدا هەموومان دەتوانن بیر و بۆچونەكانی خۆمان دەرخەین لە م مێژووەدا خاڵیە.

كوشتنی كتێب و تیرۆری ووشە، سوتانی كتێبخانە و بڕوا نەبوون بە جیاوازیەكی دەرەوەی خۆت، ئەو هەرەشانەن كە هەمیشە لە كۆمەڵگاكانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەموو روحێكی ناوازە و داهێنانیان كوشتوە، مێژوویەكی كۆنكرێتی و كەلتوورێكی بە پیرۆز زانراو، كە تێدا كەمترین بەهای ئینسانی و ئازادی و جوانی و ئەخلاقی تێدا رەچاو دەكرێت، ئەخلاق وەك رەفتارێكی تەندروست و وەك ویژدانێكی پاك، وەك هەستێكی جوان بۆ ژیان، وەك تێفكرینێك، كە بروا بەوە دێنێت هەموو راستیەكان دوا جار رێژەیین و راستیەكان تەنها لای یەك تێكست و یەك كەس نین، بەڵكو ئەوە میێژوو و كۆمەڵگا و واقیعێكە، كە لە كاتێك لە كاتەكان، لە مێژوویەك لە مێژووەكان رەوایەتی بە راستیەك دەدات، كە بۆی هەیە لە كات و ساتێكی تردا ئەم راستیە وا نەبێت.

كۆمەڵگای كوردی بەداخەوە هەمیشە كۆمەڵگای نەنوس و بێدەنگ بوە، بەردەوام و لە مێژوویەكی دوورو درێژدا، لە ناو بازنەیەكی داخراودا سوراوەتەوە، هەمیشە گرفتاری رایەڵە توندەكانی كەلتوور و داب و نەریتێكە، كە خێڵ و ئاین و شەرەف و پیرۆزی، لێوان لێویەتی.

کەلتوری نوسین، و خۆش ویستنی قەلەم، و ئاشنا بوون بە دنیای پان وپۆری ووشەکان، ئاراستەیەکی رونن بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست، و مێژوویەکی زیندوو، کە بەداخەوە ئێمە لە مێژوویەکی دوورو درێژدا، بەو مێژووە ئاشنا نەبوین. وەفایی کە یەکێگە لە شاعیرە بەرزەکانی کورد و لە زەمانی (شیخ عوبیداللەی نهری) تەنها دێرێکی لەسەر ئەو مێژووە نەنوسیوە، بەڵکو سەراپا شعری دڵدارین، راستە ئەو هەست و سوزو وێنە جوانانەی بواری ئەوین، لە ترۆپکی جوانی و ئیستاتیکیان، بەڵام جێکای پرسیارە، کە تەنها دێرێکی لەسەر ئەو واقیعە سیاسیە باس نەکردبێ کە خۆی کارەکتەرێکی نیزیك بوە و بە قۆناغێکی هەستیاری مێژووی گەلەکەمان دادەنرێت، کە هێشتا زۆر لایەن لەو مێژووە نارۆشنن.

ئەگەر گەزەنفۆن و چەند گەریدەیەکی وەکو مینۆرسکی سیخور و... هتد نەبوبان، ئەگەر قەدەر رەحمی (مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی) پێنەبەخشیبایین، ئەوا بێشك ئیستا ئێمە نەماندەزانی چ گەلێکین و لە کۆیەوە هاتوین.

کۆمەڵگای ئێمە گیرۆدەی چەند گرفتێکە لە بەرامبەر، کتیب و نوسین و رەخنە و میتۆدی عەقل و زانین، کە لە لایەك، سروشتی تاکی کوردی هێشتا کەسێکی خوێنەر و عاشقی خوێندنەوە نیە، و مەسەلەی فکر و تێرامان و پرسیار و گومان، نەبۆتە بەشێك لە سروشتی ئەو، لە لایەکی تر دین و خێل و بنەماڵە.. هتد هێشتا چوار چێوەی ئەم کۆمەڵگایەی تەنیوە.

نوسین تا ئیستا نەبۆتە بەشێك لە ژیانی ئێمە، بەڵکو سوتانی کتیب و کوشتنی ووشە و بە هەند وەرنەگرتنی بەهاکانی عەقل، هێشتا زیندوویەتی بە خۆیان دەدەن.

ئیسلامی سیاسی رۆلێکی دیاری لەو فەرهەنگەدا بینیوە، مەسەلەی دین و رەهەندەکانی ئاین، چوارچێوەی ئەم عەقلەی تەنیوە، بۆیە دوای 15 ساڵ بەسەر راپەرین دەبینیت ئیسلامی سیاسی دێت و بە رێپێوان و لەبەردەمی پەرلەماندا هەمان رەوت بە ئاپۆراوە درێژە پێدەداتەوە.

سەرچاوە

1 کتێبێکی بە خوین نوسراو

* ووتەیەکی:ئیمی لویل

2 سەرچاوەی ووتەکان – خەرمانی بیری مرۆڤایەتی + ووتەی گەورە پیاوانی جیهان